# بکوژانی کورد له ئاڵمانیاش ئازاد دەبن!

له تازەترین هەواڵدا زانیاری ئەوە بڵاوبووەوە و بەرپرسانی ئەڵمانیاش پشتڕاستیان کردەوە ، کازمی دارابی و عەباس ڕەحیلی، کە دوو تیرۆریست و بکوژی سادقی شەرەفکەندی و هاوڕێکانین، بەگوێرەی ڕێککەوتنێکی نهێنی لەنێوان ئەڵمانیا و کۆماری ئیسلامی ئێران، لەلایەن حکومەتی ئەڵمانیاوە ئازادکراون! شایانی باسە بەر لە 15 ساڵ پێش ئێستا شەرەفکەندی هەڤاڵەکانی بۆ کۆنگرەی ئەنتەرناسیونالیستی سۆسیالیست بۆ ئەڵمانیا بانگهێشت کرابوون و لە چێشتخانەیەکی شاری میکۆنوس دانیشتبوون ، لەناکاو هێرشێکی تیرۆریستی دەکرێتە سەریان و تێکڕا شەهیددەکرێن.

پاش کەمێک لەو ڕووداوە خوێناویە ڕوونبووەوە ئەم کارە تیرۆریستیە دەستی کۆماری ئیسلامی ئێرانی لەپشتەوەیە و لەلایەن کاربەدەستانی گەورەی ئەو وڵاتەوە نەخشەی بۆ کێشراوە و بە هاوکاری حیزبوللای لوبنانیەوە جێبەجێکراوە.

ئەو دوو کەسە تیرۆریستە لەناو ئەو تاقمە تیرۆریستە بوون و کازمی دارابی سەردەستەیان بووە و لە ماڵی ناوبراوەوە جێبەجێکردنی کارە تیرۆریستیەکە بەرنامەڕێژی بۆکراوە، عەباسی ڕەحیلیش هاووڵاتیەکی لوبنانیە.

ئەم دوو تاوانبارە ساڵی 1992 لەلایەن دادگای میکۆنوسەوە دادگایی کران و تاوانەکەیان بەسەردا هاتەوە و هەریەکەیان بە سزای بەندکردنی هەتاهەتایی حوکم دران. لەهەمان کاتدا لە پرۆسەی دادگادا ئاشکرابوو کەچەندین بەرپرسی گەورەی دەوڵەتی ئێران لەم تاوانەدا دەستیان هەیە و وەک داڕێژەرانی ئەم پیلانە تیرۆریستیە تاوانبار کران و حوکمی دەستگیرکردنی نێونەتەوەییان بۆ دەرکرا، یەکێک لەوانە علی فەلاحیان ، وەزیری ئەو کاتی ئیتیلاعات بوو.

جێگەی ووتنە بەپیی یاسای سزاکانی ئەڵمانیا پاش 15 ساڵ بەسەر جێبەجێکردنی سزای هەتاهەتایی بە پێی چەند مەرجێک کەسی سزادراو ئازاد دەکرێت، بەڵام لەمەڕ دۆزەکەی کازمی دارابی وەک سەردەستەی تیمە تیرۆریستەکە کە تاوانبارکراوە بە کوشتنی چوارکەس ئەم مەرجە یاساییە نایگرێتەوە و دەبێت ئازاد نەکرێت. ماوەیەکی بەرچاوە دەنگۆی ئازادکردنی کازم لەناو ڕاگەیاندنەکانی ئەڵمانیادا بڵاو بووەتەوە و ئەم هەڵوێستە نادادپەروەرانەیەش ڕووبەڕووی ڕەخنەو گازەندەی ڕێکخراوە مەدەنی و سیاسیەکانی ئەڵمان وکورد بووەتەوەو شەرمەزارکراوە و لە پێشیانەوە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەهەردوو باڵەکەیەوە، بە تایبەتی لەو ڕووەووە کورد چاوەڕوانی دەکرد لەم دۆسیەدا تاوانبارانی پلە یەکی کۆماری ئیسلامی ڕاپێچی دادگا بکرێن.

ئەم ڕیککەوتن و سازشەی دەوڵەتان و سیاسیەکان لەسەر چاوپۆشیکردن لە تاوانباران و ژێرپێخستنی یاسا لۆکاڵی و نیودەوڵەتیەکان و دەستخستنە نێو دەسەڵات و سەربەخۆیی دادگا لەمیژە بووەتە ئاکار و نەریتێکی ناشرین و لەلایەن دەوڵەتانەوە پەیڕەو دەکرێت، بە تایبەتی لەو شوینەدا کە قوربانیەکانی ئەو تاوانانە پەیوەندی بە نەتەوەی کورد و مرۆڤی کوردەوە هەبێت. وەک ئەوەی لە دۆسیەی کوشتنی قاسملۆ و د. فازیل ڕەسوڵ و عەبدوڵای قادریدا ڕوویدا یان تازەترینیان ڕاگرتنی جێبەجیکردنی سزای سەر تاوانبارانی تاوانی ئەنفال لە عێراق.

بێگومان بۆ هەموو کوردێک و ئینسانیکی مرۆڤدۆست ئاشکرایە کە دادوەری لە دنیادا لەچ ڕەوشێکدایە و بە چ پێوەر و بەرژەوەندیەکی ناڕەوا بەڕێوەدەچێت، بەڵام سەیر لەوەدایە لەم کاتەدا کە کێشەی ئەتۆمی ئێران کەوتۆتە ڕۆژەڤەری جیهانەوە و دنیا لەبیری سزادان و

پەکخستنی پرۆژەو بەرنامەکەیدان و بێ لەمەش لەسەر هەموو ئاستەکاندا رژێمی ئیران لەلیستی پێشەوەی دەوڵەتە تیرۆریست و ئاژاوەگێڕەکاندا ناوی هاتووەو تاوانباردەکرێت، بەڵام ئەڵمانیا وەک ئەندامێکی سەرەکی یەکیتی ئەوروپا تازە بەتازە دەکەوێتە داد و ستەد لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و بێ لەم سازشەی کە کرۆکی مافی مرۆڤ دەکاتە ئامانج و پێشێلی دەکات لەهەمان کاتدا دەنگۆی ئەوە هەیە حکومەتی ئێستای ئەڵمانیا بەنهێنی چەک و چۆڵ بۆ ئیران رەوانە بکات کە بێشک بەشێکی بەرچاویی ئەو چەکانە بۆ لێدانی گەلی کوردی بەکاردەهێنێت.
شایانی باسە رۆڵ و نەخشی ئەڵمانیە لە مێژوی سەرکوتکردنی خوێناوی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا، لەرێگەی هاوکاریکردنی هەمەلایەنەی سیاسی و سەربازی و هەوالگری و دیبلۆماسیەوە بۆ داگیرکەرانی کوردستان زەقە و کارنامەیەکی رەش و تاریکی لەم رووەوە هەیە.
جێگەی خۆیەتی گەلی کورد بەهۆی ئەم هەڵوێستە نوێیە نەرێنیەی ئەڵمانیاوە جارێکی تر بە چڕو پڕی دۆسیەی تاوانەکانی ئەڵمانیا دژ بە گەلەکەمان هەڵبداتەوە و شەرمەزاری بکات.
جێگەی خۆیەتی راگەیاندنی کوردی غافڵ نەبیت لە ورووژاندنی ئەم پێشێلکاریە تازەیەی مافی مرۆڤی کورد لەلایەن حکومەتی ئەڵمانیەوە.
ناوەندی چاک لەهەموو شوێنیک بانگەوازی کوردستانیان و هەموو مرۆڤدۆستێکی جیهان دەکات چیتر بێدەنگ نەبن لەئاست ئەم جۆرە پێشێلکاریەی زلهێزەکانی دنیا و بەهەر شێوەیەک بۆتان دەکرێت هەڵوێست و کردەوەکانی حکومەتی ئەڵمانیا پرۆتێستۆ بکەن.

11.12.2007

ناوەندی چاک دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد ـ چاک .
www.chak.info chak.org@gmail.com